# ڕونكردنەوەیەك سەبارەت بە :
# مەرجی پاداشتدانەوە ( الشرط الجزائي )
# لە گرێیەندی كڕین و فرۆشتدا بەگشتی

ئامادەكردنی

عدنان بارام كەلاری

١٤٤٠ - ٢٠١٩

==========================================================

**مالْپەڕی بەهەشت و وەڵامەكان**

ba8.org
walamakan.com

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد للّه ، والصلاة والسلام على رسول اللّه ، وعلى آله وصحبه ومن والاه

... أما بعد :

پێش ئەوەی بڕۆمە سەر باسی زاراوەی مەرجی پاداشتدانەوە ( الشَّرْطُ الْجَزَائِيُّ ) دەمەوێت ئەوە بڵێم کە : مەرجی پاداشتدانەوە لە سەرچاوە فیقهیەکانی کۆندا بەم ناو و شێوەیە ناسراو نەبوو ـ ئەگەرچی بەشەکانی بە وردی لەباسی گرێبەند و مەرجەکانی باسیان لێوە کراوە [(١)] ـ ، لەبەر ئەوەی ئەم زاراوەیە ـ واتە : مەرجی پاداشتدانەوە ـ زاراوەیەکی یاساییە و لە یاسا ڕۆژئاواییەکەنەوە ، یان لە یاسای فەرەنسی و ئینگلیزیەوە وەرگیراوە ،وپاشان ولاتانی عەرەبی لەوانەوە وەریان گرتووە ، و سەرەتاش یاسای میسری لە یاسای فەرەنسیەوە وەریگرتووە ، و دواتریش وڵاتانی تر بەدوای ئەوەدا هاتوون [(٢)] .

ئەم پرس و باسە ـ واتە : مەرجی پاداشتدانەوە ـ یەکێکە لە نەوازلە سەردەمیانەکان [(٣)] ، و چەندەها زاراوەی تری بۆ بەکارهێنراوە لە ووتەی شەرعزانانی سەردەم ، لەوانەش : ( **التعويض الاتفاقي** ) ، و ( **الجزاء الاتفاقي** ) ، و ( **غرامة التأخير** ) ، و ( **الجزاء التعاقدي** ) ، و

---

(١) ( معجم المصطلحات المالية والاقتصادية في لغة الفقهاء، نزيه حماد (ص٢٥٧) .

(٢) ( المعاملات المالية أصالة ومعاصرة : ٥ / ٤٧٠ ) .

(٣) ( الشرط الجزائي، محمد اليمني (ص١٦٧) .

( تعويض النكوص ) ، و ( البند الجزائي ) [٤] ، بەڵام بەربڵاوترینیان لە نێو شەرعزانانی سەردەم مەرجی پاداشتدانەوەیە ( الشرط الجزائي ) یە [٥] .

**پاشان با بزانین مەرجی پاداشتدانەوە ( الشرط الجزائي ) لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەییەوە چیە :**

## مەرجی پاداشتدانەوە ( الشرط الجزائي ) لە ڕووی زمانەوانیەوە :

ئەم زاراوەیە لە ڕووی پێکهاتنەوە لە دوو وشە پێك هاتووە ، ئەوانیش وشەی : **( الشرط )** ، و وشەی : **( الجزاء )** ـە ، جا ئەگەر بڕوانینە سەرچاوە و فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی دەبینین لە لێکدانەوەی ئەم دوو ووشەیەدا بەم پێیە دواون :

**( الشَّرطُ )** : لە زمانەوانیدا دوو واتای هەیە ، **ئەوانیش** : **یەکەم** : بریتیە لە پابەند کردنی بەرامبەر یان خۆ پابەندکردن بە شتێك لە کڕین و فرۆشتندا ، یان لە هاوشێوەکانیدا [٦] ، **دووەم :** بە واتای : نیشانە دێت [٧] .

**بەڵام** سەبارەت ووشەی **( الجزائي )** : نیسبەتە بۆ پاداشتدانەوە ، و لەزمانەوانیدا

---

[٤] ( د.عبدالمحسن: المرجع السابق، ص ٥٢ ـ ٥٤ ) .

[٥] ( الوسيط، السنهوري (٢/ ٨٥١) ، وعقد التوريد الإداري، عاطف سعدي (ص٤٥٦) ، ومناقصات العقود الإدارية ، رفيق المصري (ص٥٨) ، والشرط الجزائي ، محمد اليمني (ص٢٢ ـ ٢٣) ، ومعجم المصطلحات المالية والاقتصادية في لغة الفقهاء ، نزيه حماد (ص٢٥٧) .

[٦] ( القاموس المحيط ابن فارس (٢/ ٣٩٨) باب الطاء فصل الشين) .

[٧] ( لسان العرب ، والقاموس المحيط ، والمعجم الوسيط مادة : شرط ، مقاييس اللغة لابن فارس (٣/ ٢٦٠).

ووتراوە : لە پاداشتدانەوەی سەر شتێك هاتووە [٨] ، و وشەی جەزاش بۆ پاداشت و سزاش بەکار دەهێنرێت ، بەڵام لێرەدا بۆ سزادان بەکار هێنراوە [٩] .

**بەڵام لە ڕووی زاراوەییەوە مەرجی پاداشدانەوە ( الشرط الجزائي ) :** بە چەندەها شێوە پێناسە کراوە ، و دەتوانرێت پوختەی پێناسەکان بەم شێوەیە بخرێتەڕوو و بووترێت : مەرجی پاداشتدانەوە ( **الشرط الجزائي** ) : بریتیە لە ڕێکەوتن و ڕازیبوونی پێش وەختی هەردوو لای گرێبەندێك لەسەر دیاریکردنی قەربووکردنەوەی ئەو زەرەرە خەمڵێندراوانەی کە تووشی هەردوو لای گرێبەندەکە دەبێت ، بە هۆی دواکەوتنیان لە جێبەجێکردنی ئەرکی سەرشانیان [١٠] .

[٨] ( القاموس المحيط ، ص ١٦٤٠، ولسان العرب ، والمعجم الوسيط ، مادة : جزئ ، ومقاييس اللغة : ١/ ٤٥٦ ) .

[٩] ( انظر : الشرط الجزائي ـ علي السالوس / مجلة مجمع الفقه الإسلامي (ع١٢ج٢ص١٠٠، و ينظر المصباح المنير : ١/ ١٠٠ ، وتاج العروس : مادة : جزى ) ، نقلا عن : المعاملات المالية أصالة ومعاصرة : ٥/ ٤٦٩ ).

[١٠] ( معجم المصطلحات المالية والاقتصادية في لغة الفقهاء، نزيه حماد (ص٢٥٧) ، وعقد التوريد ، المطلق (ص٦٠) ، والشرط الجزائي ، محمد اليمني (ص٧٢) ، وشرح قانون الموجبات والعقود ، زهدي يكن (٥/ ١٣٥) ، ومجلة مجمع الفقه الإسلامي (١٢/ ٢/ ٣٠٥) نقلا عن مسائل في المعاملات المالية المعاصرة ، الشرط الجزائي وغرامة التأخير ) ، ونظرية الالتزام في القانون المدني المصري ، لأحمد حشمت (ص ٤٤٢) ، النظرية العامة للالتزام لجميل الشرقاوي (٢/ ٥٦) ، والشرط الجزائي ـ الصديق الضرير مجلة مجمع الفقه الإسلامي : ع ١٢ ج ٢ ص ٥٠ ، والموسوعة العربية الميسرة ) .

**مەرجی پاداشتدانەوە دەبێتە دوو بەشەوە ، ئەوانیش :**

**یەکەم : مەرجی پاداشتدانەوە لەو گرێبەندانەی کە پابەندبوون تێیاندا قەرزە .**

ئەم بەشەیان چەند شێوازێکە وگرنگترینیان : بەمەرج دانانانی زیادەیەکە لە گرێبەندەکەدا لەسەر قەرزە بنەڕەتیەکە ، یان لەسەر دواکەوتنی دانەوەی قەرزەکە لەکاتی دیاریکراوی دانەوەیدا ، لەهەر بوارێك بێت لە بوارەکانی کڕین و فرۆشتندا [1] .

**دووەم : مەرجی پاداشتدانەوە لەسەر دواکەوتنی بەڵێندەران لە جێبەجێکردنی کارو کردەوەکانیان لەکاتی خۆیدا ، یان هەر بەتەواوی ئەنجام نەدانی کار و کردەوەکانیان .**

ئەمەشیان شێوە زۆر دەگرێتەخۆ ، گرنگترینیان ئەوەیە کە : یەکێك لە لایەنەکانی گرێبەندەکە ئەوە بەمەرج بگرێت کە لە ئەگەری دواکەوتنی جێبەجێکردنی موقاول و بەڵێندەرەکە لە کارەکەیدا ، یان بەتەواوی وازلێهێنانی ، بڕێکی دیاریکراوی وەکو مەرجی پاداشتدانەوە بکەوێتە سەر .

**حوکمی بوونی هەر یەك لە جۆرەکانی مەرجی پاداشتدانەوە ( الشـرط الـجزائي ) لە گرێبەندەکاندا :**

**یەکەم** : حوکمی بوونی مەرجی پاداشتدانەوە لەو گرێبەندانەی کە پابەندبوون تێیاندا قەرزە ، حەرامێتی و نادروستێتیە ، چونکە جۆرێکی ئاشکرایە لە خواردنی ڕیبا و سوو و مامەڵە پێکردنی ـ بە هەر ناوێکەوە بێت ـ ، وە هاوشێوەی ئەو جۆرە ڕیبا و سوو خواردنەیە ـ ئەگەر خراپتریش نەبێت ـ کە لەسەردەمی نەفامی و جاهلیەتدا ئەنجام دراوە ، چونکە کەسانی قەرزارایان کە کاتی هاتنی دانەوەی قەرزی سەر شانیان دەهات ، و توانای دانەوەیان نەدەبوو ،

---

[1] ( الشرط الجزائي ، محمد اليمني : ص٢٢٤ ) .

پێیان دەوترا : « أَتَقْضِيْ أَمْ تُرْبِي » [١٢] ، واتە : یان لەکاتی خۆیدا قەرزەکە دەگێڕیتەوە ، یان کات و مەودای دانەوەی قەرزەکەت بۆ درێژ دەکەینەوە ، و تۆش لەبەرامبەر ئەوەدا قەرزەکەت بە زیاتر دەدەیتەوە !!!

**ئەم حوکمەش بۆچوونی** : دەستەی هەمیشەیی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و فەتوا و بانگەواز و ڕێنماییە لە وڵاتی سعودیە ( واتە : **اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء والدعوة والإرشاد** ) [١٣] ، وە بۆچوونی کۆڕبەندی فیقهی ئسلامی جیهانیە ( واتە : **مجمع الفقه الإسلامي العالمي** ) ، و دەیان ناوداری پسپۆڕ لەبواری ئابووری ئیسلامی هەمان ئەم بۆچوونەیان هەیە ، لەوانەش :

شێخی پایەبەرز ( **محمد بن إبراهيم آل الشيخ** ) ــ موفتی پێشووی وڵاتی سعودیە پێش ( **ابن باز** ) - **رحمهما اللّه** - [١٤] ، وە شێخ ( **عبداللّه بن منيع** ) کە ئەندامی گەورە

---

(١٢) ( بداية المجتهد ، ابن رشد (٢/ ٢٨) ، والإجماع ، ابن المنذر (ص٩٥) ، والإفصاح ، ابن هبيرة (١/ ٣٣٥ ـ ٣٧١) ، والشرط الجزائي ، الصديق الضرير ، بحث منشور في مجلة مجمع الفقه الإسلامي ، الدورة الثانية عشرة (٢/ ٤٩ ـ ٩٠) ، والشرط الجزائي ، محمد اليمني ( ص٢٢٤ ـ ٢٢٩ ) .

(١٣) ( كما سيأتي في ملحق الفتاوى ) .

(١٤) كما جاء في قوله : (( من محمد بن إبراهيم إلى حضرة المكرم رئيس البنك الزراعي السعودي ... السلام عليكم ورحمة الله وبركاته . وبعد :

... والآن بقيت منه خصلة واحد وهي من الربا الصريح الجاهلي ، وهي : إما أن تقضي ، وإما أن تربي . وذلك فيما إذا أدى الفلاح المدين نصف قيمة العين التي اشتراها من الزراعة بعد حلول الأجل وبقى لا نصف الآخر لا يستطيعه ، وأجل من أجل الضرورة إلى الحول الثاني ؛ فإنه بلغنا أن الزراعية تطلب عنه مبلغًا من المال مقابل هذا التأجيل

زانایانی وڵاتی سعودیەیە [15] ، وە شێخ ( **دبيان بن محمد الدبيان** ) [16] ، وە دکتۆر ( **عمر سليمان الأشقر** ) [17] ، وە دکتۆر ( **سليمان الرحيلي** ) [18] ، وە شێخی دکتۆر ( **عبداللّه الفقيه** ) سەرپەرشتیاری بەشی فەتوا لە ( **الشبكة الإسلامية** ) ، وە دکتۆر ( **محمد شبير** ) [19] ، وە ( **علي السالوس** ) ... ، و دەیان ناوداری تری جیهانی ئیسلامی کە ئێرە جێگەی درێژەی ناوهێنانیان نیە .

ناوبراوانیش چەندەها بەڵگەی قورئان و سوننەت و کۆڕای زانایان هێناوەتەوە لەسەر حەرامێتی و نادروستی ئەم مەرجدانانە .

---

زائداً عن قيمة العين التي اشتراها بها . وهذا هو الربا الذي هو محاربة رب العالمين ، ومحارب رب العالمين مهزوم . والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته )) ( فتاوى ورسائل محمد بن إبراهيم آل الشيخ : ٧ / ١٤٥ ـ ١٤٦ ، فصل في ربا النسيئة ، برقم : ١٦٥٢ ) .

(١٥) ( بحثه في مطل الغني ، المقدم إلى الندوة الفقهية الرابعة لبيت التمويل الكويتي، ص ٣٢ ) .

(١٦) ( ينظر : المعاملات المالية أصالة ومعاصرة ، ٢٠ مجلد ، ط ١ : المجلد الخامس والثامن ) .

(١٧) ( ينظر : بحوث فقهية في قضايا اقتصادية معاصرة : ٢ / ٨٥٤ـ٨٩٥ ) .

(١٨) ( ينظر : فقه المعاملات المالية (٢) ضوابط الربا ، إعداد : أ.د. سليمان الرحيلي ، أستاذ كرسي الفتوى بالجامعة الإسلامية ، والمدرس بالمسجد النبوي ) .

(١٩) ( بحثه المقدم إلى الندوة الفقهية الرابعة لبيت التمويل الكويتي بعنوان : الشرط الجزائي ص ٣٩ ) .

زانایانی ئیسلامیش بەم جۆرە باسیان لە زیادەی سەر قەرز کردووە ، ئەوەتا پێشەوا ( ابن المنذر ) - رحمه اللّٰه ـ فەرموویەتی : (( أجمعوا على أن المسلِف إذا شرط على المستلف زيادة أو هدية فأسلف على ذلك ، إن أخذ الزيادة ربا )) [20] .

وە پێشەوا ( الحافظ ابن عبدالبر ) - رحمه اللّٰه - فەرموویەتی : (( وكل زيادة في سلف أو منفعة ينتفع بها المسلِف فهو ربا ، ولو كانت قبضة من علف ، وذلك حرام إن كان بشرط )) .

وە شێخ ( عبدالعزيز بن عبدالله بن باز ) - رحمه اللّٰه - دەفەرموێت : (( وأجمع العلماء على تحريم هذه الزيادة ، وعلى تحريم كل معاملة يتوسل بها إلى تحليل هذه الزيادة ... )) [21] .

وە ( الحطاب ) یش لەم بارەیەوە فەرموویەتی : (( إذا التزم المدعى عليه للمدعي أنه إذا لم يوفه حقه في كذا ، فله عليه كذا وكذا ، فهذا لا يختلف في بطلانه ؛ لأنه صريح الربا ، وسواء كان الشيء الملتزم به من جنس الدين أو غيره ، وسواء

[20] ( نقلا عن : ( الموسوعة الفقهية : ٣٣ / ١٣٠ ) ) ، و قال ابن قدامة ابن قدامة : (( وكل قرض شرط أن يزيده فهو حرام بغير خلاف ، قال ابن المنذر : أجمعوا على أن السلف إذا شرط على المستلف زيادة أم هدية ، فأسلف على ذلك : أن أخذ الزيادة على ذلك ربا )) ( المغني ، لابن قدامة : ٦ / ٤٣٦ ) .

[21] ( مجلة البحوث الإسلامية : ٧ / ٥٤ ) .

كان شيئًا معينًا ، أو منفعة ...)) [22] .

**وە دەبێت ئەوەش بزانین کە چونە ناو گرێبەند و مەرجە پوچەڵەکان حەرامە و دروست نیە :**

ئەوەتا شێخی پایەبەرز **( محمد ابن صالح العثيمين ) - رحمه اللَّه -** فەرموویەتی :

**(( إيقاع العقود الفاسدة أو الشروط الفاسدة حرام لا يجوز ؛ لأن الفساد نتيجة التحريم وثمرته ، فلا فساد إلا بتحريم ، ولهذا نقول : كل فاسد محرم وليس كل محرم فاسداً ، ومعنى فاسداً ، أي : لا تترتب عليه أحكامه ))** [23] **.**

وە شێخ **( عبداللَّه بن منيع )** فەرموویەتی : **(( الذي يظهر لي أن الشرط الجزائي بالنسبة لسداد الديون ، هو أخذ بالمنهج الجاهلي : ( أَتُرْبِي أَمْ تَقْضِي ؟ ) ، بل قد يكون أشد من ذلك ؛ لأن المنهج الجاهلي يبدأ عند حلول أجل السداد ، وهذا يقر عند التعاقد ، فهو إقرار بالربا الجاهلي عند التعاقد ))** [24] **.**

کەواتە ئەنجامدان و واژۆکردنی هەر گرێبەندێك ئەم جۆرە مەرجە پاداشتدانەوەیەی تێدابێت حەرامە و دروست نیە ، بەڵکو هاوشێوەی کار و کرداری سەردەمی نەفامیە ، بەڵکو خراپترە ، چونکە ئەوان بەحەڵاڵ دەستیان پێدەکرد بەڵام بە سوو و ڕیبا کۆتاییان پێدەهێنا ، کەچی موسڵمانانی ئەمڕۆ دوای هەزار و چوار سەد ساڵ و بڕێك هەر لەسەرەتاوە بە ڕیباوە دەست

---

(22) ( تحرير الكلام في مسائل الالتزام ـ للحطاب ، ص ١٧٦ ) .

(23) ( منظومة أصول الفقه وقواعده ، للشيخ ابن عثيمين ، ص : ٢٣٣ ) .

(24) ( مجلة مجمع الفقه الإسلامي، العدد الثاني عشر : ٢ / ٢٩٢ ) .

پێدەکەن و ئامادەیی دەر دەبڕن لەسەر دانی ڕیبا ، و دانپیادانانی !!!

**دووەم : حوکمی مەرجی پاداشتدانەوە لەسەر دواکەوتنی بەڵێندەران لە جێبەجێکردنی کارو کردەوەکانیان لەکاتی خۆیدا ، یان هەر بەتەواوی ئەنجام نەدانی ، حەڵاڵ و دروستە و مەرجێکی تەندروستە و دەبێت وەفای پێوە بکرێت** ، ئەمەش ووتەی زۆرینەی شەرعزانانی سەردەمە ، و لەوانەش ئەندامانی **( هيئة كبار العلماء في المملكة العربية السعودية )** بە سەرۆکایەتی شێخ **( ابن باز )** [٢٥] ، وە هەر ئەمەشە کە **( مجمع الفقه الإسلامي الدولي التابع لمنظمة المؤتمر الإسلامي )** [٢٦] بڕیاریان لەسەر داوە ، و ئەوەیە کە **( المجمع الفقهي التابع لرابطة العالم الإسلامي )** لایان پەسەندە [٢٧] ، وە بڕیاری **( دار الإفتاء المصرية )** [٢٨] .

بەڵگەی ئەم بۆچوونەش لە سەرچاوەکانی خۆیدا باسیان لێوە کراوە .

---

(٢٥) ( أبحاث هيئة كبار العلماء : ١ / ٢٩٥ ) .

(٢٦) ( مجلة مجمع الفقه الإسلامي ، الدورة الثانية عشرة ، قرار رقم : ١٠٩ : ٢ / ٣٠٥ ) .

(٢٧) ( مجلة المجمع الفقهي لرابطة العالم الإسلامي الدورة الحادية عشرة ، قرار رقم : ٨ ) .

(٢٨) ( صيانة المديونيات ـ ضمن بحوث فقهية ـ ، شبير : ١ / ٨٥٩ ، والشرط الجزائي ، محمد اليمني ، ص٢٣١ ) .

# پاشكۆی هەندێك فەتوا

## لەسەر حوکی بوونی ئەم دوو مەرجە لە گرێبەندەکاندا :

**فەتوای یەكەم :**

حوکمی مەرجی پاداشتدانەوە ( **الشرط الجزائي** ) لەگرێبەستەكانی بەڵێندەراندا ، لەلایەن ( لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێكۆڵینەوەی زانستی و فەتوا و بانگەواز و ڕێنمایی ) ، وەرگێڕانی : دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس .

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێكۆڵێنەوەی زانستی و فەتوادان كراوە :

**پرسیار :** من كەسێكم لە بواری عەقارات ( زەوی و خانوو بەرە ) دا كار دەكەم و سەرمایەی خۆم و چەند كەسێكیشم خستوەتە گەڕەوە ، زۆر جاریش كارەكانم لەگەڵ بەڵێندەرەكاندایە ، بەتایبەتی بۆ دروستكردنی باڵەخانە ویەكەكانی نیشتەجێ بوون ، بەو پێیەی كە لە قانوندا بڕگەیەك هەیە پێی دەوترێت ( **الشرط الجزائي** ) چۆنیەتیەكەیش بەم شێوەیە ، من كاتێك گرێ بەستێك لەگەڵ بەڵێندەرێكدا دەبەستم بۆ دروستكردنی چەند یەكەیەكی نیشتەجێ بوون كە بە ماوەی ساڵێك بۆم تەواو بكات ، ئەگەر هاتوو لەو ماوەیەدا دروست نەكرد و دواكەوت لەماوەكەی خۆی ، من بۆ هەر ڕۆژێك دواكەوتن بڕی (١٠٠٠) هەزار دۆلاری لێ بسێنم ، ئایا ئەم بڕە پارەیەی كە لێی دەسێنم دروستە ؟ خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

**وەڵام :** سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر **محمد المصطفى** وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

دیارە ئەوەی كە باست كردووە ، كە پێی دەوترێت ( **الشرط الجزائي** ) مەرجی

پاداشتدانەوە، یەکێکە لەو گرێ بەست و مەرجانەی کە لە فیقهی ئیسلامیدا زانایان بە تایبەتی باسیان لێوە نەکردووە، بەڵام جمهوری زانایان قاعیدەیەکیان داناوە لەم بارەیەوە و ووتویانە **( الأصل في العقود الإباحة )** واتا : ئەصل لە گرێ بەستەکاندا ئەوەیە کارێکی دروست و ڕێگا پێدراوە ، مەگەر بەڵگەیەکی تایبەتی لە قورئان یان لە سوونەت ئەو گرێ بەستە بە دروست نەزانێت ، لەم ڕوانگەشەوە ، مەرجی پاداشتدانەوە **( الشرط الجزائي )** کارێکی دروستە ، مادام بەڵگەیەك نییە بە حەرامی بزانێت ، لەم ڕووەشەوە کۆڕبەندی فیقهی ئیسلامی گرێدراو لە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی لە خولی (١٢) کە لە بەرواری ٧ / **ذي الحجة** /١٤١٢ کۆچی لە **رياضي** پایتەختی عەرەبستانی سعودیە بەسترا چەند بڕیارێکی دەرکرد ، یەکێك لەو بڕیارانە ئەم بڕیارە بوو : « **يجوز أن يتضمن عقد الاستصناع شرطًا جزائيًا بمقتضي ما اتفق عليه العاقدان ما لم تكن هناك ظروف قاهرة** » ، واتا : دروستە گرێ بەستی دروستکردن مەرجی جەزای تێدا بێت ، بەو پێیەی کە هەردوو لایەنی گرێ بەستەکە لەسەر ڕێك دەکەون ، مەگەر کاتێك نەبێت بارودوخێکی وا بێتە پێش کە لەدەستی هیچ لایەنێکیاندا نەبێت .

کەواتە ئەگەر هاتوو جەنابت گرێ بەستت لەگەڵ بەڵێندەرێکدا کرد بۆ دروست کردنی باڵەخانەیەك کە بۆ ماوەی ساڵێك بۆت تەواو بکات ، ئەگەر هاتوو لەو ماوەیە دواکەوت ئەوا بۆ هەر ڕۆژێك ( ١٠٠٠) هەزار دۆلاری لێ بسێنیت .

**لە وەڵامدا دەڵێین : یەکەم** : ئەگەر بێتو گرێ بەستەکان لەم سەردەمەی خۆماندا مەرجێکی وەك مەرجی پاداشتدانەوە ( **الشرط الجزائي** ) تێدا نەبێت ، ئەوا کارەکانی

حکومەت و هاولاتیانیش هەموویان پەکیان دەکەوێت ، چونکە دەبێتە هۆی کەمتەرخەمی نواندن لە جێ بەجێکردنی کارەکان و بە ئەنجام گەیاندنیان لەکاتی خۆیدا لەلایەن بەلێندەرەکانەوە ، بۆیە لە پێناو بەرژوەندی گشتی وبەرێکردنی کارەکان لەکاتی دیاری کراوی خۆیاندا ، دانانی مەرجێکی لەم شێوەیە هیچ پێچەوانە نییە لەگەلْ دەقەکانی شەریعەتدا .

**دووەم :** چونکە ئەگەر بێتو ئەو بەلێندەرە لەکاتی خۆیدا کارەکانی خۆی ئەنجام بدات ، خاوەن کارەکە پڕۆژە بەرهەمهێنانەکانی دەخاتە گەڕ و لەکاتی خۆیدا سوود و قازانجەکانی دەست دەکەوێت ، بەرژوەندیەکانی خەلکیش ناکەونە مەترسیەوە .

**سێهەم :** دەبێت بزانین ئەو بڕە پارەیەشی کە دیاری کراوە وەك مەرجی پاداشتدانەوە ( **الشرط الجزائي** ) دەبێت موناسب بێت لەگەلْ ئەو زیانەی کە بە خاوەن پڕۆژەکە دەکەوێت ، بۆ نموونە ئەگەر هاتوو ئەو بالەخانەی کە جەنابت باسی دەکەیت پێك هات بوو لە ( ٢٠ ) بیست یەکەی نیشتەجێ بوون ، یان (٢٠ ) یەکە لە شوقەی هۆتیلی ، ئەگەر لەکاتی خۆیدا تەواو بێت بە پێی تەقدیری پسپۆڕەکان هەر یەکەیەکی ڕۆژانە بە (٥٠) دۆلار دەدرێت بەکرێ ، ئەوا بۆ سەرجەم ئەو بیست یەکەیە ١٠٠٠ هەزار دۆلار دەکات ، واتا بڕە پارەکە بڕیکی موناسبە بۆ ئەو زیانەی لێت کەوتووە ، بەلام ئەگەر هاتوو موناسب نەبوو ، بۆ نموونە لە بری ١٠٠٠ هەزار دۆلار ٢٠٠٠ دوو هەزار دۆلار بوو ، ئەوا هەزار دۆلاریان دەبێت بگەڕێتەوە بۆ بەلێندەرەکە ، هەروەك چۆن ئەگەر هاتوو بڕی پارەکەش کەم بوو ، لە ( شەرتە جەزاییەکەدا ) دەبێت بەلێندەرەکە پابەند بکرێت بە پێدانی قەرەبوویەکی موناسب بە جەنابت ، بۆ نموونە ئەگەر هاتوو لەبری ( ١٠٠٠) هەزار دۆلار ٣٠٠ دۆلار دیاری کرابوو ، دەبێت ئەو بەلێندەرە بە حوکمی شەرع ٧٠٠ دۆلاری تر بدات بە ئێوە ، چونکە لە ڕاستیدا ئەو بووە بەهۆی ئەو زیان لێ کەوتنە ، لە ڕاستیشدا ئەگەر

ئەم جۆرە لە مەرجی پاداشت دانەوە نەبێت لە گرێ بەستەکانی دروستکردنی خانوو بەرە و ڕێگا وبانەکاندا دەبێتە هۆی پەك کەوتنی سەرجەم پرۆژەکان و زیان لێ کەوتن لە بەرژەوەندیە تایبەتی و گشتیەکانی هاولاتیاندا .

**چوارەم :** دەبێت هۆی دواکەوتنی پرۆژەکەش کەمتەرخەمی بەڵێندەرەکە بێت لە جێ بەجێ کردندا ، نەك بارودۆخێکی وا بێت کە لەدەسەلاتی کەسدا نەبێت ، بۆ نموونە ئەگەر هاتوو بەهۆی بەفر وبارانێکی زۆرەوە بو ، یان بەهۆی شەڕ وشۆڕی ناوخۆوە بوو ، یان بەهۆی بوومە لەرزەیەکەوە بوو ، یان هاوشێوەی ئەمانە ، ئەگەر وابوو مەرجی پاداشتدانەوەکە نابێت جێ بەجێ بکرێت ، چونکە لەدەسەلاتی بەڵێندەرەکەدا نەبووە .

**پێنجەم : بەڵام دەبێت ئەوە بزانین مەرجی پاداشت دانەوە ( الشرط الجزائي ) لەو گرێ بەستانەی کە لایەنی بەرامبەر پابەند دەکات بە گێڕانەوەی قەرزێك یان بڕیك پارە ، دروست نییە ، چونکە دەچێتە چوار چێوەی سوود و ڕیباوە** ، هەروەك لە بڕیاری تری کۆڕبەندی فیقهی ئیسلامیدا هاتوو دەڵێت : « **یجوز أن یشترط الشرط الجزائي في جمیع العقود المالیة ما عدا العقود التي یکون الالتزام الأصلي فیها دینا فإن هذا من الربا الصریح** » واتا : مەرجی پاداشت دانەوە لەسەرجەم گرێ بەستە ماڵیەکاندا دروستە ، تەنها ئەو گرێ بەستانە نەبێت کە لە سەرتاوە لایەنی بەرامبەر پابەند دەکات بە گێڕانەوەی قەرزێك لەکاتی خۆیدا ، چونکە ئەمە خۆی لەخۆیدا سوود وڕیبایەکی سەریح و بێ پێچو پەنایە ... خوای گەورەش لەهەمووان زاناترە .

**فەتوای دووەم :**

بڕیاری **( مـجمع الفقه الإسلامي )** سەبارەت بە پرس و باسی **( الشرط الـجزائي )** بە هەردوو جۆرەكەیەوە [٢٩] :

(( إن مـجلس مـجمع الفقه الإسلامي الدولـي الـمنبثق عن منظمة الـمؤتـمر الإسلامي في دورته الثانية عشرة بالرياض في الـمملكة العربية السعودية ، من ٢٥ جمـادى الآخرة ١٤٢١ هـ إلـى غرة رجب ١٤٢١ هـ ( ٢٣ ـ ٢٨ سبتمبر ٢٠٠٠م ) .

بعد اطلاعه علـى البحوث الواردة إلـى الـمجمع بخصوص موضوع ( الشرط الـجزائي ) وبعد استمـاعه إلـى الـمناقشات التي دارت حول الـموضوع بمشاركة أعضاء الـمجمع وخبـرائه وعدد من الفقهاء .

قرر ما يلـي : أولاً : الشرط الـجزائي في القانون هو اتفاق بيـن المتعاقدين علـى تقدير التعويض الذي يستحقه من شرط له عن الضرر الذي يلحقه إذا لـم ينفذ الطرف الآخر ما التزم به أو تأخر فـي تنفيذه .

---

(٢٩) ( الموقع الرسمي لـ : مجمع الفقه الإسلامي الدولي ...الرئيسة ـ القرارات ـ الدورة الثانية عشرة ـ قرارا بشأن موضوع الشرط الجزائي ، في الخميس ٢٨ سبتمبر ٢٠٠٠ ، أو : مجلة مجمع الفقه الإسلامي : العدد الثاني عشر ، قرار رقم : ١٠٩ ، ص ٢ / ٣٠٥ ) .

ثانيًا : يؤكد المجلس قرارته السابقة بالنسبة للشرط الجزائي الواردة في قراره في السلم رقم (٨٥) (٢/ ٩ ) ونصه :

لا يجوز الشرط الجزائي عن التأخير في تسليم المسلم فيه ؛ لأنه عبارة عن دين ، ولا يجوز اشتراط الزيادة في الديون عند التأخير . وقراره في الاستصناع رقم (٦٥) ( ٣/ ٧ ) ونصه : يجوز أن يتضمن عقد الاستصناع شرطا جزائيا بمقتضى ما اتفق عليه العاقدان ما لم تكن هناك ظروف قاهرة . وقراره في البيع بالتقسيط رقم (٥١) ( ٢/ ٦ ) ونصه : إذا تأخر المشتري المدين في دفع الأقساط بعد الموعد المحدد فلا يجوز إلزامه أي زيادة على الدين بشرط سابق أو بدون شرط لأن ذلك ربا محرم .

ثالثًا : يجوز أن يكون الشرط الجزائي مقترنا بالعقد الأصلي كما يجوز أن يكون في اتفاق لاحق قبل حدوث الضرر .

رابعًا : يجوز أن يشترط الشرط الجزائي في جميع العقود المالية ماعدا العقود التي يكون الالتزام الأصلي فيها دينا فإن هذا من الربا الصريح .

وبناء على هذا فيجوز هذا الشرط ـ مثلا ـ في عقود المقاولات بالنسبة للمقاول ، وعقد التوريد .

ولا يجوز ـ مثلا ـ في البيع بالتقسيط بسبب تأخر المدين عن سداد الأقساط المتبقية سواء كان بسبب الإعسار أو المماطلة ، ولا يجوز في عقد الاستصناع بالنسبة للمستصنع

إذا تأخر في أداء ما عليه .

خامسًا : الضرر الذي يجوز التعويض عنه يشمل الضرر المالي الفعلي ، وما لحق المضرور من خسارة حقيقية ، وما فاته من كسب مؤكد ، ولا يشمل الضرر الأدبي أو المعنوي .

سادسًا : لا يعمل بالشرط الجزائي إذا أثبت من شرط عليه أن إخلاله بالعقد كان بسبب خارج عن إرادته ، أو أثبت أن من شرط له لم يلحقه أي ضرر من الإخلال بالعقد .

سابعًا : يجوز للمحكمة بناء على طلب أحد الطرفين أن تعدل في مقدار التعويض إذا وجدت مبررا لذلك ، أو كان مبالغا فيه )) .

واللَّه أعلم ... وصلى اللَّه على محمد وعلى آله وأصحابه أجمعين

وآخر دعوانا أن الحمد للَّه رب العالمين

**عدنان بارام كلارى**

---

مالپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان
ba8.org
walamakan.com